بۆ خەبەری مەهدێ دەیێ
لاقی(٨٦) دەبن بە مەککەتێ

لە مەککەی دەبێنن یەکدێ
هەمۆ طالیب لە بۆ مەهدێ
دەڵێن : دەزانین تۆ مەهدیێ(٨٧)
بە نیشانە و عەلامەتێ

دەکا حاشا ئەو دەردەچێ
هەڵدێ وە مەدینە دەچێ
ئەو جەمعییەت لە دۆی دەچێ
دیسان دەچێتە مەککەتێ

لەکن مەقامی حەجەرێ
دۆعا دەکا هەر دەگرێ
دەڵێن : دەبێ مێری بگرێ
یان دەتکوژین بە شیددەتێ

لە ترسان دەست درێژ دەکا
بەیعەت لەگەڵ قەومێ دەکا(٨٨)
دۆ ڕکعەتیان نوێژ بۆ دەکا(٨٩)
بۆیان دەخوێنێ خوطبەتێ

---

(٨٦) لاقی ( ٢ ) لاقا .

(٨٧) دەڵێن ... ( ٢ ) دەڵێن : زانین ئەتۆ مەهدێ .

(٨٨) بەیعەت ... ( ٢ ) قەوم بەیعەتی دەگەڵ دەکا .

(٨٩) دۆ ڕەکعەتیان .... ( ٢ ) دۆ ڕەکعەتان نوێژ دەکا .

یەکجـــار حەلێـــم لـــە بوغــز(٩٧) دۆر
خەلقـــی زۆر پـــێ دەبـــێ مەســرۆر
داخـــلی وێ حوبـــب و ســـرۆر(٩٨)
حاکـــمی پـــڕ عـــەدالەتێ

قســـەی خـــراپ قـــەط نابـــێژێ
خوێنـــی ناحـــەق قـــەط نارێـــژێ
وەقتـــێ کـــەلام سســـت(٩٩) دەبـــێژێ
دەســـتی دەدا لـــە ڕوکبـــەتێ(١٠٠)

دەنگێك ظاهـــیر دەبـــێ(١٠١) لـــە ئاســمان
دەڵـــێ : « امـــیرکم فـــلان »
یەعـــنی مەهـــدێ نـــەك وەك ســوفیان
شـــادی لـــە بـــۆ دێ(١٠٢) ئومـــەتێ

لـــە موعجـــیزەی پێغەمبـــەری
اللـــە حورمـــەت نـــا لەســـەری
ئەبـــدالی شـــام گـــەورەی میصـــری
هەمـــو دەکـــەن ئیطاعـــەتێ

---

(٩٧) بوغز ( ٢ ) بوغزێ .

(٩٨) داخلی وی . . . ( ٢ ) داخیل دەبێ حوببی صودوۆر .

(٩٩) کەلام ( ٢ ) کـەلامی . ( سست ) لە ( ٢ )دا نیـە ، بـەڵام بە گوێرەی « الاشاعة » ( ١ ) ڕاستە .

(١٠٠) کاتێ باش قسەی بۆ نەیێ دەست بە ئەژنۆی خۆیدا ئەدا .

(١٠١) دەنگێك ظاهیر دەبێ ( ٢ ) دەنگێ ظاهیر .

(١٠٢) لە بۆ دێ ( ٢ ) دەبێ بۆ .

نەفخـــــی دووەم گـــــەرا دەبـــــێ
هەمـــو ئینسـان(٢٩٣) قایـــم دەبـــێ
لەسـەر قەبـــرێ هایـــم دەبـــێ(٢٩٤)
لەبـــەر حـــیرەت و دەهشـــــەتێ

دەیانئـاژۆن بـۆ مەحشـەرێ(٢٩٥)
بـۆ جـەزایێ خـێر و شـەڕێ
هـەرکەس غـەمێ دێتـە بـەرێ
دەکێشـێ(٢٩٦) ئـاه و حەسـرەتێ

بەحـشی عیتسـای عـالی ڕوتبـەت
تەقدیـر وەبـو کەوتـە ( فتـرت )
بـە(٢٩٧) هەشـتادی (قـد تـمت )
دەگـەڵ بـاقێ عەلامـەتێ(٢٩٨)

خەتمـی عەلامـەتان تەمـام
ئەوجـا(٢٩٩) کۆتـا بـکەین کـەلام
ئەرجـو لـە ( رب ذی الانعـام )
خەلاصـن کـا لـە قیـامەتێ

---

(٢٩٢) بە ( ٢ ) لە .
(٢٩٣) هەمو ئینسـان ( ٢ ) ئینسـان هەمو .
(٢٩٤) هایم : سەرلێشێواو و ڕێ بە کارنەبەر ، واتە : لەبـەر ناخۆشی ئەو ڕۆژە کە خەڵك زیندو دەکرێنەوە و لە گۆڕ دێنـە دەرێ هەمو سـەر لێشێواون و کەس نازانێ چێ بکا .
(٢٩٥) دەیان ئاژۆن : لێیان ئەخوڕن .
(٢٩٦) دەکێشێ ( ٢ ) دەکێشن .
(٢٩٧) بە ( ٢ ) ویش لە .
(٢٩٨) ئەم چوارێنە لە ( ٢)دا لە دوای چوارێنی « نەظم کرا ... »وەیە .
(٢٩٩) ئەوجا ( ٢ ) ئینجار .

